# لەبەردەم دوڕییانی "مافی نەتەوەی کورد" و "مافی هاوڵاتیی کورد"دا

## - قسەیەک لەسەر هەوڵی کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کورد
## بۆ ستانداریزەکردنی شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست -

سیروان عەبدول



### - بەشی یەکەم -

لەم ماوەیەی دواییدا ٥٣ نووسەر و ئەدیب و ئەکادیمیست و ڕۆژنامەنووسی - کەم و زۆر - بەرچاوی کورد داخوازیینامەیەکیان ئاراستەی هەندێک لە ئۆرگانە ناوەندییەکانی بڕیار و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کرد کە تیایدا داوا دەکەن شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست[1] بەفەرمیی وەک زمانی ستاندارد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بناسرێت.

دیارە ئەم باس و ئیشکالییەتی نەبوونی زمانی ستانداردی کوردییە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ماوەیەکی زۆرە زۆرێکی لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردییدا بە دەوری خۆیدا سەرقاڵ کردووە و لەم نێوەندەدا ساڵانێکە ئارگیومێنت و پێشنیاری زۆر و جۆراوجۆر لەلایەن ئەم و ئەوەوە دەخرێتە ڕوو و تاوتوێ دەکرێت. تێبینیی من لەسەر بەشی زۆری ئەو هەموو پێشنیار و ئارگیومێنتانەی دەکرێن تا ئێستا هەر ئەوە بووە کە هەموو قسەی دوای لێکدانەوەی سەتحیی و کورتبینانەن و جیدیەتێکی ئەکادیمییان تیا نابینیتەوە تا پێویست بکات لەسەریان بێیتە قسە. بەڵام کاتێک حاڵ دەگاتە ئەوەی کە ئینجا ئەمجارەیان ژمارەیەکی وا زۆر و ڕوخسارگەلێکی وا نەوعیی لە ڕۆشنبیران لە کارێکی مونەسەق و دەستەجەمعییدا بە دەوری هەندێک لێکدانەوەی سەتحیی و کورتبینانەدا ووزە و سەنگی خۆیان دەخەنە گەڕ، ئەمە ئیتر کارێکی حەساس و جیدیە و هەڵناگرێت ئیتر کەسێک پاسیڤانە لەئاستیدا دانیشێت و بیەوێت لەگەڵیدا هەڵبکات.

لێرەدا من هەوڵئەدەم لە درێژەی ئەم وتارەدا دەست بخەمە سەر ئەوەی کە ئەو پێشنیارەی ئەو ژمارە زۆرە لە

1 من ئەگەرچی ئەو پۆلێنکردنەم پێ دروستترە کە شیوەزاری سۆرانیی بە کرمانجیی خواروو ناو دەبات نەک کرمانجیی ناوەڕاست، بەڵام بۆ خۆپارێزیی لە کەوتنەی بەدحاڵیبوون و دوورکەوتنەوە لە کرۆکی ئەسڵیی باباتەکە، پێم باش بوو لێرەدا ناوی کرمانجیی ناوەڕاست بەکاربێنم.

ڕۆشنبیرانی کورد دەنگی خۆیان بە دەوردا کۆکردۆتەوە چەند لە ڕوانگەیەکی بەرتەسکی نەتەوەییەوە دەڕوانێتە ئیشکالییەتەکە و ئەتروحەی خۆی دادەڕێژێتەوە . . لەسەر چی ئەرزێکی تەنک لە شارەزایی لە لینگویستیک، لە پەیوەندیی نێوان زمان و نەتەوە، وە لە پەیوەندیی نێوان شێوەزارەکانی زمانی نەتەوەیەک و زمانی ستاندارد و دۆزی دیموکراسیی و مافە مەدەنییەکان لە ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، بونیاد نراوە . . چەند ڕووکەشانە سەیری دۆخی هەنووکەیی زمانی کوردیی دەکات و چەند مامەڵەیەکی کورتبینانە لەگەڵ واقیعی کوردیی و لەگەڵ ئەو تەحەدییانەدا دەکات کە کۆمەڵگای کوردیی لە دەرەوە و لە ناوەوە لەگەڵیاندا ڕووبەڕووە . . بە ئارگیومێنتکردنێکی چەند سادە و ڕۆژانەوە دەچێتە پای لێکدانەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و حقوقییەکانی مەسەلەکە و چۆن ئەسڵەن بە کۆنکرێتیی نازانێت ئەوە چی تەرحێکە ئەو دەیکات . . چی بەهاگەلێک ئەو پێشنیارە دەجولێنێت و چی بەهاگەلێک فەرامۆش کراوە تیایدا . . وە ئەگەر ئەو خواستە جێبەجێ بکرێت، چۆن ڕێک پێچەوانەی ئەو ئامانجانە دەپێکێت کە ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە بەدوایەوەن.

## ئەهەمییەتی هەبوونی تاکە یەک زمانێکی ستاندارد

بۆ دەستنیشانکردنێکی ڕوونتری ناکۆکییەکانم لەگەڵ ئەو پێشنیارەی ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە دەیکەن، بە پێویستی دەزانم هەر لێرەوە جیاوازیی نێوان دوو مەسەلەی تەواو جیاواز لەیەکتر بەیان بکەم تا دیار بێت لەکوێدا باسی کامەیان دەکەین:

یەکەم: مەسەلەی ئەوەی کە ئایا بەفەرمیی زمانی ستاندارد بۆ زمانی کوردیی ڕابگەیەنرێت یان نا.

دووەم: مەسەلەی ئەوەی کە ئایا یەک یان *دوو* شێوەزار وەک زمانی ستاندارد بەفەرمیی ڕابگەیەنرێت.

پێشنیارنامەکەی ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە وەڵامی ڕوونی خۆی بە هەردوو ئەو ئیشکالییەتە داوەتەوە. ئەوان ئەهەمییەتێکی گەورە و زەرورەتێکی مێژوویی لەوەدا دەبینن کە بەفەرمیی زمانی ستاندارد بۆ زمانی کوردیی ڕابگەیەنرێت و بە پێداگرییەکیشەوە داوا دەکەن کە هەر تەنها یەک شێوەزار وەک زمانی ستاندارد ڕابگەیەنرێت نەک دوو.

دیارە جۆری وەڵامی هەر کەسێک بۆ ئەو دوو ئیشکالییەتەی سەرەوە لەسەر ئەوە وەستاوە کە ئایا ئەو کەسە بە خەمی چییەوەیە، بە پێوانەی چی بەهاگەلێک "دەستکەوتەکان" دەپێوێت، وە چی جۆرە ئەهەمییەتێک دەبینێت لە هەبوونی زمانی ستانداردردا.

شتێک کە تەواوێک من قەڵس دەکات ئەو کوردایەتییکردنەیە کە ڕۆشنبیرانی ئێمە بە دۆزی زمانی ستانداردەوە دەیکەن و ئەو ئەهەمییەت و "ئیعجازە قەومیی"یەیە کە ئەوان لە پێناویدا پێ لەسەر دەستنیشانکردن و بەفەرمیی-ڕاگەیاندنی زمانی ستاندارد دادەگرن. بزوێنەری هەوڵەکانی ڕۆشنبیرانی ئێمە بۆ ستانداریزەکردنی زمانی کوردیی هەردەم ئەو گوتارە بووە کە ڕووی لە دەرەوەیە و لەو پێناوەدا کار بۆ دانانی ستانداردێک بۆ زمانی کوردیی دەکات کە دۆزی کورد و ئینجا بەرژەوەندیی کوردی لەپەیوەند بە نەتەوەکانی تر، وە بەتایبەت لەپەیوەند بە نەتەوەکانی دەوروبەرەوە پێ بەرێتە پێشەوە. لە پێشنیارنامەکەی ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرەشدا قورس نییە کەسێک ئەوە ببینێت کە ئەوانیش ئەم ئامانجە نەتەوەییە دەکەنە خاڵی دەستپێکردن و لەوێوە پێ لەسەر ئەهەمییەتی دەستنیشانکردن و بەفەرمیی-ڕاگەیاندنی

زمانێکی ستاندارد بۆ کورد دادەگرن. پەڕەگرافی دووەمی پێشنیارنامەکە باسی ئەم ئەهەمییەتە دەکات و هەر لە سێ پەڕەگرافی یەکەمیشدا وەڵامی ئەوان بۆ ئیشکالییەتی ئەوەی کە ئایا *یەک* یان *دوو* ستاندارد ڕابگەیەنین بەرچاو دەکەوێت. لەوێدا پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرێت کە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە "کورد توانای یەکخستنی ئیرادەی سیاسیی و ستاندەرایزکردنی زمانی خۆی" هەبووە و هەیە، گرنگە "دیفاکتۆی ئەوەی کە شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست بووەتە زمانی رۆشنبیریی و پەروەردەیی لە هەر سێ پارێزگا گەورەکەی هەرێمی کوردستاندا، تەرجومە بکرێتە سەر بڕیاری سیاسیی".

ئەوەی لە پێشنیارنامەکەی ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرەدا بابەتێکی پەیوەندار نییە و بە مەسەلەیەکی گرنگ نازانرێت بۆ قسەلێکردن ئەوەیە کە ئایا بەفەرمیی-ڕاگەیاندنی کرمانجیی ناوەڕاست وەک زمانی کاروباری ئیداریی و زمانی خوێندن لە هەرێمدا چی دەرئەنجامگەلێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی نەخوازراو بۆ هاوڵاتییانی بادینییزمان بەدوای خۆیدا دەهێنێ و چی کاریگەرییەکی سەلبیی بۆ سەر مافە مەدەنییەکانی ئەو بەشە لە هاوڵاتییان و بۆ پرەنسیپی "هاوڵاتیی یەکسان" دەبێت و، لێرەشەوە چی گورزێک وەبەر دۆزی دیموکراسییەت دەکەوێت لە کورستاندا.

کە ئامانجی سەرەکیی بووە ئەوەی کە کورد ڕووبەدەر یەکڕیز دەرکەوێت و "ئیسپاتی بکات بۆ عالەمی سەرڕووی زەمین" کە ئەمیش زمانێکی "موەححەد"ی نەتەوەیی هەیە، ئەوە ئیتر چاوەڕوانکراوە کە داوابکرێت ئەو گروپەی کە شێوەزارەکەیان ناکرێتە ستاندارد، ئەو قوربانییە بدەن کە چاو لە مافە مەدەنییەکانی خۆیان بپۆشن و *لەپێناو نەتەوەدا* هەر ئاکامێکی سەلبیی کە ئەم "تەقاویتکردنەی" شێوەزارەکەیان دەیبێت بۆ سەر ئەو مافە مەدەنییانەی کە وەک هاوڵاتیی یەکسان دەیانکەوێت، بەدڵێکی فراوانەوە قبوڵ بکەن.

بەلای منەوە ئەم جۆرە لە کارکردن لە چوارچێوەی گوتارێکی نەتەوەگەریی کلاسیکیی و ڕوانگەتەسکی وادا دەچێتە پێشەوە کە زیاتر سەرقاڵە بە بەرژەوەندیی و دەستکەوتی نەتەوەییەوە و تەرکیزی لەسەر "دوژمنی دەرەکیی"یە، نەک گوتارێک کە سەرقاڵ بێت بە وەرگرتن و پاراستنی مافە مەدەنییەکانی هاوڵاتییانێک کە لە دەڤەرێکی جوگرافیی دیارییکراو و لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیی "خۆیی پڕ لە دوژمنی ناوەکیی"دا بە هاوبەش ژیان دەکەن. ئەوەی کە لەپێناوی (بە قەولی ناو پێشنیارنامەکەی ئەو ڕۆشنبیرانە) بەهێزکردنی "گوتار و بونیادی ناسیونالیستیی کوردیی"دا داوا بکرێت بەشێکی گەورەی هاوڵاتییان، بۆ نموونە، دەست لەو مافە هەڵگرن کە لە قوتابخانە بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن، بەلای منەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو پێشنیارەی سیاسەتکەرانی بواری کوردایەتییدا نییە کە بۆ پەیاکردنی پایە و سومعەت بۆ کورد و بۆ پاراستنی "حەیای نەتەوەیی"، زوو زوو داوا دەکەن، بۆ نموونە، ڕۆژنامەنووسان و نووسەران مافی خۆیان لە ئازادیی ڕادەربڕیندا مومارەسە نەکەن و ڕەخنە لە "حکومەتی خۆمانە" نەگرن نەبا بوترێت حکومەتی کوردیی مافی مرۆڤ پێشێل دەکات؛ یان داوا دەکەن لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان لەسەر کوشتنی ژنان نەیکەن بە هەڵا، نەبا ئەو حەقیقەتە بگاتەوە نەتەوە ناحەزەکانمان و بزانرێت کە کورد خاوەن کولتورێکی ژنکوژە.

ئەمە گوتارێکی قەومچییانەیەی ڕوانگەتەسکە کە موتەئەسیفانە وەنەبێ هەر تەنها پیاوە بێئاگاکانی حیزب کاری پێ بکەن، بەڵکو تا ئەمڕۆش دۆمینانسێکی گەورە و سەرتاپاگیری بەسەر عەقڵی ڕۆشنبیری کورد و گوتاری ڕۆشنبیریی کوردییدا هەیە. ئەم گوتارە خەمی گەورەی ئەو ڕوخسارەیە کە پیشانی دەرەوەی دەدات و، ئەوە جوانکردنی ئەو

ڕوخسارەیە کە بە دەستکەوتی گەورە و گرنگی دەزانێت. ئەوەشی کە ئەم دەستکەوتە ڕووبەدەرە لەسەر حیسابی چی لەدەستدانێکی ناوەکیی تەواو دەبێت، وەنەبێ تەنها هەر بابەتێکی ناگرنگ بێت بۆیان، بەڵکو هێند نائامادەیە لایان کە ڕەهەندە سەلبییەکانی یان هەر نابینن یان وا ڕووکەش دەیبینن کە چارەسەریان زۆر بە ئاسان دەبینن.

## ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان لای ئیمزاکەرانی پێشنیارنامەکە و چارەسەریان بۆی

ئەوپەڕی خەتەرییاتێک کە ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە لە بەفەرمیناسینی کرمانجیی ناوەڕاست وەک تاکەزمانی کاروباری ئیداریی دەوڵەت و زمانی خوێندن، وە پێنەبەخشینی ئەم پایەیە بە کرمانجیی ژوروو دەیبینن هەر ئەوەندەیە کە بۆی هەیە وا بکات ئیتر بایەخ بە شێوەزارەکان و دیالێکتەکانی تر نەدرێت. کاتێکیش کەسێک دەیەوێت بزانێت مەبەستی ئەوان لە "بایەخپێنەدان" چییە، ئەوا وەڵامی ڕوونی لەو پێشنیارەدا دەست دەکەوێت کە بۆ ڕێگرتن لەم لەبایەخکەوتنە و بۆ "بایەخدان" بە شێوەزار و دیالێکەتەکانی تری دەکەن. ئەوان داوا دەکەن کە "هاوکات بەشی زانکۆیی و پەیمانگای نیشتیمانیی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیی دابمەزرێندرێ، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و موتوربەکردنی شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست". کەواتە ئیمزاکەرانی پێشنیارنامە خراپترین حاڵەتی "بێبایەخبوونی" کرمانجیی ژوروو و ئاکامەکانی لەوەدا دەبینن کە تەنها شێوەزارەکەیان دەکەوێتە لاوە و ئیتر لێکۆڵینەوەی لەسەر ناکرێت و بەکارهێنانی موفرەداتەکانی لۆکاڵیی دەبنەوە. هەر بۆیەشە نیازپاکانە ئەو دڵنیاکردنەوەیە وەک بەڵێنێک دەدەن کە ئەو شێوەزارە و شێوەزارەکانی تر لە بەشی زانکۆیی و پەیمانگای نیشتیمانیی تایبەتدا لێکۆڵینەوەی چڕوپڕیان لەسەر بکرێت و برێک "ووشە و فرێز و زاراوە"یان لە زمانی فەرمیی وڵاتدا بۆ موتوربە بکرێت. ئەمە لەکاتێکدا ئاشکرا دیارە کە ئەوان نازانن مەبەستیان لەم بەڵێنەیان چییە، ئەگینا دەیانپرسی ئاخر "بەکارهێنانی فرێزی شێوەزارێک بۆ شێوەزارێکی تر" لە عەمەلدا مانای چی! . دیارە ئەمە بەلای منەوە هەوڵێکی خەڵەتاندن و بەسەراتێپەڕاندنی وادەیەکی ناوبەتاڵ نییە بەسەر خەڵکی بادینییزماندا، بەڵکو قەولێکی نیازپاکانەی هاوشان بە نەشارەزاییەکی گەورەی ئەو ڕۆشنبیرانەیە لە لینگویستیکدا؛ گەورە تا ئەو ئاستەی کە ئاشکرا دیارە تەنانەت نازانن مەبەستیان لە "فرێز" چییە، ئەگینا دەیانزانی کە هێنانەناوەوەی فرێزی (بەتایبەت فرێزی چەند ووشەیی) زمان یان شێوەزارێکی دیارییکراو بۆ ناو ڕستەی زمان یان شیوەزارێکی تر و دروستکردنی ڕستەی موڕڕەکەب و دووڕەنگ لێیان، هەردەم تەکنیکێکی ڕۆحسووکانەی گەنجان بووە بۆ یارییکردن و نوکتەکردن بە زمان و شێوەزارە جیاوازەکانەوە، نەک ئەوەی تەکنیکێکی جیدیی ئەکادیمیی بێت بە مەبەستی گۆڕینی نەخشەی زمانەوانیی میللەتێک.

بۆ هەر کەسێک لە ئێمە کە شارەزاییەکی لە لینگویستیک و سروشتی زماندا نەبێت زمانی وا دێتە بەرچاو کە بریتیی بێت لە کۆمەڵێکی زۆر لە ووشە. ئەوەشی زمانێک و زمانێکی تر لەیەکتر جیا دەکاتەوە، بەلای موتەئەمیلێکی ئاوا سەتحییەوە، ئەوەیە کە هەر زمانەو ووشەگەلی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە ووشەگەلی زمانێکی تر ناچێت؛[2] وە گوایە زمانی دەوڵەمەندیش ئەو زمانەیە کە ووشەی زۆر بێ و (ئەوان وتەنیی) "مورادفاتی زۆر بێت". لە ڕوانگەیەکی لەم شێوەیەوەیە ئیمزاکەرانی پێشنیارنامە ئەوە بە بەشدارکردنەوەیەکی فیعلیی شێوەزارەکانی تر دەزانن لەناو زمانی

---

[2] هەر لە ڕوانگەیەکی لەم چەشنەشەوەیە ساڵان و ساڵانێکە زۆربەی زمانەوانان و نووسەران و، وە بە شێوەیەکی گشتیی خەڵکی کورد بۆ پاراستن و هێشتنەوەی زمانی کوردیی بزووتنەوەیەکی گەورەی "نەقاوەتخوازیی" و بەپەتییهێشتنەوەی موفرەداتەکانی زمانی کوردیی و ڕێگرتن لەهەر ووشەیەکی "بەئەسڵ ناکوردیی"یان بەرێخستووە و زمانی کوردییان لە جوغزێکی "ڕەسەنی کوردیی"دا حەسر کردووە و هەناسەبڕیان کردووە.

ستانداردردا گەر بێ و لە ناو ئەو زمانەدا بە "موحاسەسەیەکی زمانەوانیی" ژمارەیەکی زۆر یان کەم شوێنی بەتاڵ بدرێتە موفرەداتی زاراوەکانی تر.

ئەم دڵنیاکردنەوەیەی خەڵکی بادینییزمان دڵنیاکردنەوەیەکی کۆمیدییە بەڵام لە ئیمزاکەرانی پێشنیارنامەکە خۆشیان بۆتە دڵنیاکردنەوەیەکی جیددی و دەیانەوێت وەک بەڵێنێکی جیددیش بەسەر خەڵکی بادینییزماندا ساغی بکەنەوە. ئەمە لە دڵنیاکردنەوەی دوکاندارێک دەچێت کە کاروبارە ئیدارییەکانی بۆ تەواو دەکات و دوکان بە مونافسێکی خۆی دادەخات، بەڵام بۆ ڕازییکردنی، لەوە دڵنیای دەکاتەوە کە کەرەستەکانی ناو دوکانەکەی ئەو بێکار نابن و ئەم لە دوکانەکەی خۆیدا بۆ خۆی بەکاریان دێنێت. حەقیقەتێک کە ئەوان لە حیساباتی خۆیاندا ئیعتیباری بۆ دانانێن ئەوەیە کە کرمانجیی ژوروو و کرمانجیی ناوەڕاست دوو شێوەزارن کە نەک هەر تەنها لە ئاستی سیمانتیکدا جیاوازییەکی گەورەیان لەگەڵ یەکدا هەیە، بەڵکو بۆ نموونە لە ئاستی مۆرفۆلۆجییشدا هێند لە یەک دوور کەوتوونەتەوە کە نەکرێت بە "موتوربەکردنی ووشە و فرێز و زاراوەکانی ئەمیان لەوی تر" بتوانین کارێک بکەین منداڵانی ئەوبەریش لێی تێبگەن. هەر نەبینینی ئەم جیاوازییە مۆرفۆلۆجییەیە ئەوان دەبات بەسەر ئەو هەڵەیەدا ئەو قەولە نامومکینەش بدەن کە کرمانجیی ناوەڕاست گەر بوو بە زمانی فەرمیی، ئەوا "لەڕووی وشەسازیی و زاراوەسازییەوە کراوە دەبێت بەسەر هەموو شێوەزارەکانی تردا"؛ بێئاگا لەوەی کە وشە و – بە نیسبەتێک – زاراوەش بەپێی ڕێسا **[rule]** تایبەتەکانی مۆرفۆلۆجیی ئەو شێوەزارە دەسازێنرێن کە بۆی دەسازێنرێن و، گەر بەپێی ڕێسای شێوەزار یان زمانێکی تر بیانسازێنین، ئەوا ئاوێتە نابنە ناو زمانێکی جیاواز لە خۆیان.

## پەیوەندیی نێوان فرەستانداردیی و پەرتەوازەیی میللەتێک

هەڵەیەکی گەورە کە ئیمزاکەرانی پێشنیارنامەکە بەسەریدا دەچن ئەوەیە کە پێیانوایە فرەستانداردیی پەرتەوازەیی دەخاتەوە و کۆکردنەوەی میللەتێکیش بەدەوری تاکە ستانداردێکدا هەنگاوێکە لەڕاستای کۆکردنەوەی میللەتێک بەدەوری یەکتردا. ئاکامگیرییەکی وا بە ڕای من پتر هەڵهێنجانێکی ماتماتیکییە نەک لێکدانەوەیەکی سۆسیۆلۆجیی. ئەمە بە نەقڵکردنێکی میکانیکییانەوە لەو بەشەی ئەو پێناسە کلاسیکییەی زانستە سیاسییەکانەوە بۆ نەتەوە وەرگیراوە کە دەڵێت "یەکێک لە خەسڵەتەکانی نەتەوە زمانی هاوبەشە". کارێکی وا کارێکی ئیرادەگەرییانەیە کە دەیەوێت نەتەوە بەپێی پێناسەی نەتەوە دابتاشێت نەک بەپێچەوانەوە. پێناسەیەکیش کە ئەوان پشتی پێ دەبەستن پێناسەیەکی نەتەوەچییانەیەی وایە کە زیاتر جەختی لەسەر "هاوئەتنیکییەت"ی تاکەکانی ناو کۆمیونیتییەکەیە نەک هاوڵاتێتیی ئەوان. هەر ئەمە تەحلیلی ئەو حەماسەتە زۆرە دەکات لای هەندێک لە لایەنگرانی ستانداردکردنی زمانی کوردیی کە لەپێناوی 'موەححەدکردنی' زمانی نەتەوەدا ئامادە نین هیچ گوێیەک لە داد و هاواری دایکوباوکانی دەڤەری بادینان بگرن کە شەکوای ئەوە دەکەن کە ئاخر منداڵەکانیان سبەی و دووسبەی لە قوتابخانە لەو زمانە ستانداردەی ئەوان تەواو تێناگەن و ئەمەش "تەخەلوفی عیلمیی" بۆ منداڵەکانیان دروست دەکات.

ناکۆکیی من لەگەڵ پێشنیاری ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرە لێرەدایە. من پێموایە بۆندەکانی نێوان تاکەکانی ناو نەتەوەیەک بە گوێگرتن لە هاوارەکانی یەکتر و بە ڕەواندنەوەی خەتەری بێمافبوون لەسەر یەکتر و بە پێداگریی لەسەر ڕەخساندنی دەرفەتی خۆپێگەیاندن بۆ هەموو هاوڵاتییان بەیەکسانیی – فەراهەم دەبێت، نەک بە گردکردنەوە و حەسرکردنیان لەناو شوورەی زمانێکی تاق و تەنیا و "بەستانداردکراو"دا و پیشاندانی ئەوە بە دوژمنی دەرەکیی کە ئێمەی هاوڵاتییانی

*نایەکسانی* کوردستان (ئەوان ووتەنیی) "پابەندبوونی خۆمان بەو شێوەزارەی زمانەکەمانەوە دەپارێزین" کە یەکێکمان هەر لە یەکەم ساڵی تەمەنیەوە فێری دەبێ و ئەویتریشمان تا دواساڵی تەمەنی دەناڵێنێت بەدەست ئەوەوە کە لە ساڵانی دەوامکردنی لە قوتابخانە تەواو لێی تێنەگەیشت.

ئەوەی ڕۆشنبیرانی ئێمە نابینن ئەوەیە کە مەرج نییە هەوڵی *لێکنزیککردنەوەی زمانەوانیی* هاوڵاتییان و یەکگرتووکردنی زمانەکانیان، *لێکنزیکەوتنەوەی فیعلیی* و یەکگرتووکردنی ڕیزەکانیانی لێ بکەوێتەوە، بەڵکو ئەسڵەن بەپێچەوانەوە، چونکە زمان هەردەم ڕەگێکی لە ناسنامەدا هەیە و سێتێک مافی بەخۆیەوە گرێداوە، هەوڵی لەم چەشنە بۆ زیادکردنی "لێکتێگەیشتنی زمانەوانیی" لەنێوان تاکەکانی نەتەوە یان کۆمەڵگادا بە تەعەسوفییەتێکەوە فەرز دەکرێت و، ئاکامی کاری واش هەر ئەوە دەبێت کە "لێکتێنەگەیشتنێکی کۆمەڵایەتیی" و پەرتەوازەییەکی زیاتر و "کۆنفلیکت" لەدوای خۆی دەخاتەوە.

دەستێوەردانی لەم چەشنە گەر لەسەر ئاستی زمانی هاوبەشی یەک تاکە نەتەوەیەکیشدا بکرێت بەلای منەوە هەر هەمان دەرەنجامی دەبێت. ئەمە، یەکەم، چونکە چەمکی "زمانی هاوبەشی نەتەوە" (بەتایبەت لە حاڵەتی زمانی کوردییدا کە حاڵەتێکی تا حەددێکی زۆر فەرید و تایبەتە) قسە زیاتر لەسەر هاوبەشیی ئەتنیی و جوگرافیی و هاوچارەنوسیی تاکەکانە تا هاوبەشیی لینگویستیکیی شێوەزارەکان؛ دووەمیش چونکە، وەک ووتم، زمان و (وە لە کوردییدا شێوەزاریش) ڕەگێکی لە ناسنامەی تاکەکاندا هەیە و سێتێک مافی بەخۆیەوە گرێداوە و هەر دەستێوەردانێکیش بۆ تواندنەوەیان لە زمانێکی تاک و تەرای نەتەوەییدا، بەبێ دەستوەردانە ناو ئەو ناسنامەیە و بێ "مەس"کردنی ئەو مافانە تێپەڕ نابێت. کاتێکیش یەکێتیی ڕیزەکانی گەل و یەکێتیی زمانی نەتەوەیی دەبێتە ئامانجی بەرز، میللەت ناچار دەکرێت واز لە مومارەسەی هەمەچەشنەیی خۆی بێنێ و هەموو یەک شەکڵ و شێوە وەربگرن.

لێرەدایە ئەو دووفاقەکەوتنەوەیە و بگرە زۆرجار ئەو هاودژییەی کە من لەنێوان "مافی نەتەوەیی" و "مافی مەدەنیی"دا دەیبینم. کارەکە لەسەر ئەوە کەوتووە کە ئایا خەڵکێک کامیان ئەولەوییەت پێدەدات. کاری دڵتەنگکەر ئەوەیە کە خەڵکەکەی ئێمە، بە نوخبە ڕۆشنبیرەکەشیەوە، تا ئێستاش بە ڕوانگەیەکی "نەتەوەنما" و بە ئایدۆلۆجیایەکی کوردایەتیی واوە بیر لە چەمکەکانی ماف و ستەمکاریی دەکەنەوە، ئەمە بێئەوەی بتوانن هەر دوور نەڕۆن و بیرێک لەوە بکەنەوە کە ئایا بۆچی ئینسانی کورد دوای حەڤدە ساڵ لە حوکمی خۆیی ئێستاش غەدر و ستەم ژەمێکی "پێرمانێنت"ی ژیانی ڕۆژانەیەتی.

لە ڕوانگەیەکی جیاوازی لەم چەشنەوەیە بۆ ماف و ستەمکاریی و کارکردیان لەسەر هارمۆنییەتی ناوەکیی کۆمەڵگایەکی دیارییکراو، کە من وای نابینم کۆکردنەوە و یەککستنی خەڵکی کورد بە دەوری شێوەزارێکی تاک و تەرادا هەنگاوێک بێت بە ئاراستەی کۆکردنەوە و یەککستنی خەڵکی کورد بە دەوری یەکتردا. ئەو بزووتنەوەی تاکستانداردییەی کە ئێستا سەریهەڵداوە و بەئیلحاحەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە کۆکردنەوەی شێوەزارەکان لە زمانێکی ستانداردا کۆکردنەوەی ماڵی کوردە، بەلای منەوە ڤێرشنێکی بواری زمانەوانیی ئەو بزووتنەوە سیاسییەیە کە بۆ یەککستنەوەی هەردوو ئیدارەی پارتیی و یەکێتیی بەڕێخرا و تیایدا ساڵانێک و ساڵانێک ڕۆشنبیران و سیاسەتکارانی کورد ئەو وەهمەیان خستە مێشکی خۆیان و خەڵکەوە کە کۆکردنەوەی ئیدارەکان یەعنی کۆکردنەوەی ماڵی کورد. جیاوازییەک هەبێت ئەوەیە کە من پێموایە یەککستنی ئیدارەکان لە تاکە ئیدارەیەکدا ماڵی کوردی هەموو

کۆکردەوە و کردی بە قورگی شۆڕشگێرانی ڕێگای کوردایەتییدا، بەڵام چەقپێکرتنێکی *زمانەوانیی* لەو چەشنەی ڕۆشنبیران بۆ کوردی داوا دەکەن، *لەبەریەکهەڵوەشانێکی کۆمەڵایەتیی* زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە دەهێنێتە ناو ماڵی کوردەوە وەک نەتەوەیەک. لەبەرامبەریشدا بەپێچەوانەی زۆربەوە من وای دەبینم کە کردنی هەردوو شێوەزاری کرمانجیی ژوروو و کرمانجیی ناوەڕاست بە زمانی فەرمیی، کۆمەڵگای کوردیی بەرەو ئینسیجامێکی ناوەکیی زیاتر دەبات و بەشێک لە پەرتەوازەییەکەی کەمتر دەکاتەوە.

لە درێژەی ئەم ووتارەدا دێمەوە سەر ئارگیومێنتکردنێکی زیاتر بۆ ئەم ڕایەم و قوڵکردنەوەیەکی زیاتری، بەڵام لێرەوە پێویست دەکات قسەیەک لەسەر ئەوە بکەم کە بۆچی دەبێت کرمانجیی ژوروو هاوشان لەگەڵ کرمانجیی ناوەڕاستدا زمانی فەرمیی بێت و ئەگەریش وا نەبێت مانای چی دەبێت و چی عاقیبەتێکی نەخوازراوی دەبێت.

– ماویەتی –